وەزارەتی دارایی هەرێم : ماف و شایستەکانی هەرێم لە یاسای بودجەی فیدراڵدا پارێزراو دەبێت

کەبوونەوەی لیژنەی باڵای پێداچوونەوە بە خشتەکانی یاسای بودجەی فیدراڵی بە ساڵی ٢٠٢٤، بە ئامادەبوونی شاندی هەرێم بەڕێوەچوو، وەزارەتی دارایی هەرێم دەڵێت: ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە یاساکە پارێزراو دەبێت.

ئەمڕۆ چوار شەممە ١٥ ی ئایاری ٢٠٢٤، بەئامادەبونی شاندی هەریمی کوردستان کەبونەوەی لیژنەی باڵای پێداچونەوە بە خشتەکانی یاسای بودجەی گشتی عێراق بە ساڵی ٢٠٢٤ لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق بەسەرپەرشتی د. محەمەد تەمیم، جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق و وەزیری پلاندانان و وەزیری نەوت و وەزیری ئاودانکردنەوە و نیشتەجێکردن و وەزیری کارەبا و تیمی هاوڕێکاری سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرکی دیوانی چاودێری دارایی عێراق و ژمارەیەك لە بەڕێوبەرە گشتیەکانی وەزارەتی دارایی عێراق بەڕێوەچوو.

وەزارەتی دارایی هەرێم لە هاگەیەنراوەکدا ئاماژەی بەوەکردووە، ژمارەیەك دەسیەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و کەکارەکانی گواستنەوە و ئاوگەکردنی تەرخانکراوەکانی پشکی هەرێمی کورستان لە ناو

خشتەکانی یاسای گشتی بودجەی ساڵی ٢٠٢٤ گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

ئاماژەی بەوەشکردووە، کەبوونەوەکە لە کێشەکی دەستانە و بەرپرسیارانەدا بەوەچوو لە هەردوولاوە تێگەیشتنی هاوبەش و ئیجابی هەبوو بە چارەسەری ئەو کێشانەی لەیاسای بودجەی ساڵی ڕابردوو دروست بوو بوو.

ئاشکراشی کردووە، بەیارە خشتەکانی یاسای بودجە بەجەرەك هەموار بکرێتەوە، کە ماف و شایستەکانی هەرەمی کوردستان لە یاساکە پارەزراو بێت.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، هەردولا هاوڕا بوون لەسەر دانانی میکانیزمێك بە ڕادەستکردنی داهاتە نانەوتیەکانی هەرەمی کوردستان لەسەر بنەمای بەیارەکانی دادگای فیدراڵی و یاسای ئیدارەدانی دارایی و یاسای بودجەی گشتی عێراق.

شاندی هەرەم پێکهاتوون لە وەزیری دارایی و وەزیری و سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سەرۆکی نوێنرایەتی هەرەم لە بەغدا.